نووسینگەی سەید سیستانی ڕایدەگەیەنێت کە سبەی دووشەممە یەکەم ڕۆژی ڕەبیعولئەوەڵە

نوسینگەی سیستانی، مەرجەعی باڵای ئایینی،ئەمڕۆ یەکشەممە، ڕایگەیاند، ڕۆژی دووشەممە 25ـی (ئابی/8)2025 یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەبیعولئەوەڵ دەبێت.

نوسینگەی مەرجەعی باڵا لە ڕاگەیەنراوێکدا کەدەستی موتەڵیع کەوتووە باسی لەوەشکردوە، ئایەتوڵڵا سەید عەلی سیستانی مەرجەعی باڵای ئایینی مانگی ڕەبیعولئەوەڵ ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە ٢٩ی سەفەری ساڵی ١٤٤٧ی کۆچی بینراوە کە هاوتایە لەگەڵ ٢٤ی ئابی ٢٠٢٥ی زایینی. بەم پێیە سبەی دووشەممە ٢٥ی ئابی ٢٠٢٥ی زایینی، یەکەم ڕۆژی ڕەبیعولئەوەڵ دەبێت.